www.kurdistannet.org
2-5-2003 22:29

# دڵە، قودسە یان ئاڵتوونی ڕەشە؟

سیروان کاروانی

هێندێک جار مرۆڤ دەست بۆ کارێکی ئێجگار پیرۆز/گەورە دەبات و، ئەنجامیش هەر لە دارەدارەی دەست پێ کردنی کارەکەوە وچان دەدات و، ئیتر بەو شێوەیە هەر لە خەیاڵدا دەمێنێتەوە.

زۆر لەمێژ ساڵە، لە سەدەکانی ڕابووردووەوە "کەرکووک شاری کوردانە"، دروشمێک بووە لە لایەن خەڵکی کوردەوە گوتراوە و تا ئێستاش بۆ ئێمە ماوەتەوە و وێردی سەر زوبانمانە. ئەو گوتەیە، سەبارەت بە خەڵکی کورد هێندە کۆنە کە تەنانەت بووە بە بەشێک لە فۆلکلۆر، هەر بۆیەش لە پاش ئاڵتوونی ڕەشەوە، دڵی کوردستان و قودسی کوردستانی بەدوادا هات.

لە ڕاستیدا، خەریکە وای لێ بێ کە خەڵکی کورد چیی تر ئەو گوتانە دووبارە نەکەنەوە، چونکە باویان نەهێشتوون. ئاخر ئەگەر کەرکووک دڵی کوردستانی دایک بێت، چۆن دەبێت پارچە پارچە بکرێت؟ کەس بە پارچە دڵێک ژیاوە؟ تۆ بڵێی کەسێک هەبێت هێندە گیانێکی پۆڵایین و خەیاڵاویی هەبێت، کە بتوانێ لەتێک لە دڵی خۆی بکاتەوە. . . ؟ ئەگەر کەرکووک قودسی کوردستان بێت، کێ بۆی هەیە ئاخەکەی بە هی ئەم و ئەو بزانێت، ئەدی ئەو هەموو مەرقەدە پیرۆزە چی لێ دەکات؟

مەگەر ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی لە دەوروبەری کەرکووک و گەرمیانەکەی دەدۆزرێنەوە، لە سەدا سەدیان کورد نین؟ مەگەر هیچ نەتەوەیەکی تری موسووڵمان جگە لە کورد بە هەزاران مرۆڤی لەو دەڤەرەدا پێکەوە لە گۆڕێک نراون و یاخود بێ سەر و شوێن کراون؟

بە ڕاستی ئەو بێدەنگییەی کورد لە ئاست قوتدانی سیما نەتەوەییەکانی کوردەواری لە کەرکووک-دا، دوارۆژێکی ڕووناکی بەدواوە نابێ و بە تێپەڕبوونی کات، کورد تێیدا زەرەرمەند دەبێت و هەروەک هەموو جارانی پێشوو تەنها بۆ مەبەست بەکاردەهێنرێ.

پێشتر، ئەو هەوڵانەی دژی خەڵکی کورد لە کەرکووکدا ئەنجام دەدران، زیاتر بۆ ئەوە بوون سیمای کوردەوارییی شارەکە تێک بدەن و ناوی کەرکووک لەسەر کورد لابەرن، ئەگینا پێکدادانێکی ئەوتۆ لەناو کەرکووک نەبوو. بەداخەوە، کە ئێستا کوردەکانی وێندەرێ خەریکە بە شێوەیەکی تر دووچاری ئەو نەخۆشییە دێن. تورکمانەکان لە لایەن تورکیاوە کۆمەک دەکرێن و تەنانەت چەکیش دەکرێن، عەرەبەکانی دەوروبەر تا ئێستاش چەکدارن، کوردەکان بەبەر چاوی تورکمان و عەرەبەکانەوە چەک دەکرێن. ئامریکا بۆ ڕازیکردنی تورکیا، ئێستاش کاری ناپێویست ئەنجام دەدات.

ئایینەکان دەڵێن، ئەو ئەرکانەی ئایین لەسەرتی فەرز کردووە (یەکێک لەوانە، پیرۆزیی خاکە) ، هەموویان بە تەواوی ئەنجام بدە، ئەگەر لە کاتێکدا هێندە بێ هێز و لاواز بوویت، ئەوا دەتوانی هەر نەبێ بە دڵ ئەنجامیان بدەیت، بەڵکوو خودای گەورە لە پاداشتی ئەوەدا سزای چاکەت بداتەوە. شکی تێدا نییە کە لە سەردەمی ئەمڕۆ و لەم ڕەوشەدا، کورد ناتوانێ دژی بەرنامەکانی ئامریکا و هاوپەیمانانی بوەستێتەوە، بەڵام ئەوەش دروست نییە لەسەر بستێک خاک کە مێژوو بە موڵکی خۆتی سەلماندووە، لاری بنوێنی. ئەگەر کورد نەتوانێ هەموو خاکی کوردستان بە خوێن ڕزگار بکات، ئەوا دەتوانێ هەرگیز ڕێگا بە خۆی نەدات لە دەمی خۆیەوە خاکەکەی بە موڵکی کەس بزانێ.

مێژوو لە کەس خۆش نابێ، ئەگەر ئەو کەسە خۆی لە مافی خۆی خۆش نەبێ. . . گەلی ئەرمەنی لە ٢٤ی ٤ی ١٩١٥ دا، لەناو سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەژێر گوشاردا کۆمەڵکوژ کران و هەوڵی تواندنەوەی یەگجارەکییان درا و

نەیارانیان ویستیان ڕەگەزیان لەناوبەرن. لە ئەنجامی ئەو هەوڵە ترسناکەدا، ئەرمەنییەکان دووچاری گەورەترین کارەسات بوونەوە لە مێژووی بوونیاندا. زیاتر لە میلیۆن و نیوێک هاووڵاتیی ئەو گەلە بە شێوازی جۆراوجۆرەوە، هەر لە سووتان و کوژران و زیندەبەچاڵ کردنەوە لە ژیان کران و لە جگەرگۆشەکانیان دوور خرانەوە. پاش ئەو ڕووداوە گەورەیە، ئەرمەنییەکان بە گشت لای جیهاندا پەرش و بڵاو بوونەوە و، هەروەک دەبینرێ کە تا ئێستاش ئەرمەنییەکان بەشێکی هەرە زۆریان هەر وا بە پەرش و بڵاوی ماونەتەوە. ئەرمەنییەکان ساڵانە لە هەموو شوێنێکدا ئەم یادە دەکەنەوە. ئەمەی ئەرمەنییەکان لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەسەریان هات، کارەساتێکی گەورە بوو لە مێژوودا و، بە دوای ئەوەش کۆمەڵکوژیی جوولەکەکانی لە جەنگی جیهانیی دووەمدا بەدوادا هات و دواییش گەیشتە سەر گەلی کورد و ئەویش دووچاری کارەساتی لەو شێوەیە بووەوە.

ئەوەی بەسەر ئەرمەنی و جوولەکەکاندا هات، مێژوو زۆری لەسەر نووسیون و، لەناو خەڵکانی ڕۆشنبیری گەلانی تریشدا نەفرەت لەو کارە دزێو و نامرۆڤایانەدا کراوە و بگرە چەندین وتار و نامیلکە و هەتا فیلیمیشیان لەسەر دەرهێناون و باسی قەرەوەبوونی زیانەکانیشیان بۆ دەکرێ. ئەوەی کورد لەژێر چەپۆکی ئەو ڕژێمە گەندەڵانەی کە تا ئێستا دەیچەوسێننەوە، بەسەری هاتووە و هەموو مافێکی وەک مرۆڤ پێ ڕەوا نەبینراوە و بەبەر چاوی جیهانەوە داری زۆرداریی لەسەر سەرە، کارەساتێکە لە ئاستی کارەساتەکانی کە بەسەر ئەرمەنی و جوولەکەکاندا هات، بەڵام بۆچی کورد نەیتوانیوە وەکوو پێویست ئەنجامە خوێناوییەکانی ئەو کارەساتە بە جیهانی دەرەوە بناسێنێ. بێگومان، پێداگرتن لەسەر مافی ڕەوا، بوون وەکوو مرۆڤ، کولتووری جیاواز و سنووری سەربەخۆ درەنگ یا زوو دەبێتە مایەی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجی پیرۆز.

٢٠٠٣/٠٥/٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت